# ئازادی یا سەنسوور



دیارە ئیسلامییەکانی ئەوروپا هێمن تر هەڵسوکەوتیان لە بەرامبەر کاردانەوەی کارێکاتێرەکانی محەمەد کرد...موسڵمانانی ئەوروپا بە هێمنی خۆپیشاندانی خۆیان کرد و هیچ کەلوپەلی دەوڵەتیان تێک نەشکاند و دامودەزگای دەوڵەتیان نەسووتاند...ئەو خۆپیشاندانانە کارێکی فرە ئازادی و راستە کە مرۆڤ هەست و نەست و بیروڕای خۆی دەرببڕی...سەنسور{رەقابە/چاودێری}بۆ موسڵمانانی ئەوروپا کارێکە دەخرێتە پاڵ ئەنتیدیموکراسی ، ئەگەر ئاوا بخوازین ئیسلام لە ئەوروپا نەخرێتە بەر چاودێری دەبێت ئەو رێگایەش بە مێشک بدەین کە بلاوکردنەوەی بابەت و وێنە و کاریکاتۆر دەبێت رێگا بدرێت و ئازادی بیرورا یا ئازادی نووسین بەرفراوان بکرێت و رێگا نەدرێت سەنسوور لەسەر مرۆڤ زیاد بکرێت...هەر منداڵێک لە ئەوروپا بۆی هەیە دەربارەی پێغەمبەرەکان پرسیاربکات و مامۆستاش وەڵامیان بداتەوە...ئەوانە نابێتە رێگارتن لە بیری منداڵ



بۆ ئەوەی بزانی باسی چی دەکات ئەوەی زیاتر منداڵەکە هان دەدات زانینە...لە زانست هیچ قەدەغەیەک نیە،هەتا ئەگەر باسی لەشیش بکرێت...منداڵ کاتێک وێنەی عیسا پێغەمبەر دەبینێ ، پرسیاری وێنەی محەمەد پێغەمبەریش دەکات...ئەوروپا بارگرانیەکی زۆری تووش هات هەتا گەیشتە ئەوەی خۆی لە توندوتیژی و فیندمینتالیزمی ئایینی رزگاربکات ، لەسەدەی پازدەوشازدە ئەوروپا بۆ رۆشەنبیران دۆزەخ بوو پیاوانی ئایینی بەناوی ئایین بەکەیفی خۆیان خەڵکیان دەکوشت بەناوی دوورکەوتنەوە لە ئایین یان سوکایەتی کردن بە دیین ...ئەو تێکۆشانە بۆ ئازادی بیرورا رێگای مێشکی مرۆڤی گۆڕی و تووشی ئازادی کرد...ئەو ئازادی یە لە منداڵ هەتا گەورە پارێزراوە و دەپارێزرێ ... منداڵ کە بووە هەژدەساڵ بۆخۆی برِیاردەدا بچێتە کەنیسا یان نەچێ کەس زۆری لێناکات و قەشەش بۆی نیە زۆری لە کەس بکات بیباتە کەنیسە و نوێژ کردن ، یا بەزۆر جلوبەرگ بۆ گەنجان بدرووی و لەبەریان بکات ... ئەو ئازادی یە ئێستاکە لە ئەوروپا بەرێوەیە ئەگەرچی بەر لە 500 ــ 600 ساڵ لەمەوبەر کاتۆلیک و پرۆتستاند کەوتبوونە گیانی یەکتر و یەکتریان قڕ دەکرد...دیموکراسیەت پێشێلکردنوقەشمەری کردن نیە بە مێشکیمرۆڤ بەڵکو ریزگرتنە لە مرۆڤ...هەموو ئەوانەی دژی ئیسلام دەنووسن ئەگەر بکەویتە رەخنە لەپێناوی قەشمەریوگاڵتەکردن بە عەقیدەی ئیسلام بێگومان دوورە لە دیموکراسیەت و ئازادی بیرورا...ئیسلام دەبێ جارێ لەلایەن خودی موسڵمانان بە شێوەیەکی جوان و رێکوپێک نیشانی خەڵک بدرێت هەتا ئەوانەی کە لەژێر ئالای الله واکبر و لااله الله مرۆڤ دەکوژن و گەردەن دەپەڕێنن نەخرێتە قاڵبی ئایینی ئیسلام...لە ئێرلەندا و ئیسپانیا بە دەیان کاری تێرۆڕ ئەنجام دراوە ، ئەگەرچی کاتۆلیک و پرۆتستانیش بەشداربوون کەچی لەشکری ئێرلەندی و لەشکری باسکی هیچ جار لەژێر ئالای ئینجیل و خاج سەری خەڵکیان نەپەڕاندووە...بۆیە تێکۆشانیان نەخراوەتە قاڵبی دینی...ئیسلامییەکان لەژێر قورئان و بە ئالای سەوز و الله

**اکبر کاری ئاوا ناشرین دەکەن کە هەموو تیرۆرەکان دەخرێتە پاڵ ئیسلام ، لێرەدا پێویست بە مێشک کراوەی موسڵمان هەیە ئەو کاردانەوەیە بۆ ئەوڕوپی روون بکاتەوە کە دینی ئیسلام بێبەرییە لەو کارەنامرۆڤیانە... موسڵمانییەکان بەدڵێکی فراوان وەڵامی ئەو نادروستیانە بدەنەوە کە رەخنەیان ئاراستە دەکرێت بەبێ ئەوەی هەستی یەکتر بریندار بکرێ و ئەو پەیوەندییە شارستانیە بپارێزرێت و زیاتر شارەزایی یەکتر بین تاوەکو بتوانین زانیاری ئاڵو وگۆڕ بکەین...لە ئەورووپا رەخنە لە پێناوی شارەزایی دەگیرێت ، دەبێ لای خۆشمان هەر بەو دڵە نووسین بکرێتە پیشە و سەیری رەخنە بکرێت...سەنسوور بۆ هەموولایەک تەسککردنەوەی دیموکراسیەتە و مرۆڤ دەخاتە ژێر ئازار ، ئەو ئازادایيە پێویستی بە بیرکردنەوەی قەبووڵکردنی یەکترە...**

**فــەهــد گـــردەوانـی 2006/2/11ستۆکهۆڵم**